# مەترسی پیشەیی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی

م.ی. چرۆ محمد فرج
بەشی کاری کۆمەڵایەتی/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

**بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:**

**١: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:**

**١:١: کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە سەرچاوە دەگرێت لە لەبەرچاونەگرتنی پێویست یان گرنگی نەدانی پێویست بە (مەترسی) لە کارە مرۆییەکاندا (پیشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا) لە چوارچێوەی پیادەکردنەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا ولەلایەن پیشەگەرانی ئەو بوارانەوە بێت یان لەلایەن لایەنی یەکەم کە بەکارهێنەرانن یان لەلایەن لایەنی سێیەم کە کەسانی ترن و پەیوەندیدارن بە بارودۆخ یان کێشەی لایەنی یەکەم.

مەترسی پیشەیی هۆکارێکی سەرەکییە لە ڕێژە و ئاستی چالاکی ڕۆڵی پیشەیی پیشەگەران لە بواری کارە مرۆییەکاندا، چونکە دەبێتە هۆی کەمی سوودوەرگرتن یاخود سوودوەرنەگرتن لە توانای پیشەگەران وەکو ئەوەی چاوەڕێکراوە یان وەکو پێویست، هەرئەوەش هۆکاری تووشبوونی پیشە مرۆییەکانە بە نوشستی زۆر لەو ڕۆڵە زانستییە پیشەییە چاوەڕوانلێکراوەی کە بۆیاندیاریکراوە، بەجۆرێك وادەکات ئاڕاستەی کارکردنی پیشەییان دەگۆڕێت و ناتوانن بەردەوامبن لە کارکردن لە کێشە و حاڵەتە جۆربەجۆرەکانداو ناگەن بە چارەسەری خوازراوی گونجاو بۆیان وئەوەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دروست کردووە لەسەر تێڕوانین بۆ پیشەکەو توانا و چالاکی ڕۆڵی پیشەیی پیشەگەرانی ئەو بوارانە لەسەر ئاستی تاك یان لەسەر ئاستی گروپ یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.

**١: ٢: گرنگی توێژینەوەکە:** ڕۆڵ و گرنگی مەترسی پیشەیی لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا لە بواری کارە مرۆییەکاندا و بەتایبەت لە کاری کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست ویەك، وەبایەخ وسەرنجی ئەو گرنگی پێدانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کاری مرۆیی لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و دەروونییەوە سروشتێکی هەستیاری هەیە ئەوەش بەهۆی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەڕێی دەستوەردانی پیشەیی لە گرفت و کێشەکاندا بۆ دابینکردنی یارمەتی پێویست و شیاو.

مەترسی پیشەیی سەرهەڵدەدات بەهۆی بارودۆخ و جۆر و کێشەی خاوەنکێشە و چەندێتی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کردارەکانی یارمەتیدانی لە لایەن پیشەگەرەوە و ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەنگاوەکان و کردارەکانی دەستێوەردانی پیشەیی هەر لەسەرەتای پرۆسەی یارمەتیدانەوە بە تایبەتی لە کردارەکانی بڕیارداندا، وەسەرئەنجام ئەوەش کاریگەری زۆر گەورەی هەیە لەسەر تێڕوانینەکان بۆ پیشەی کارە مرۆییەکان و بەتایبەتیش کاری کۆمەڵایەتی لە ڕۆڵ و توانایی پیشەییەکەی وەك هەر پیشەیەکی تر. وەهەروەها کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی کەسیی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی پیشەگەر، هەروەك چۆن کاریگەریش دەکاتە سەر هاوکار و ئەندامە پیشەییەکانی تری پیشەگەر لە ناو دامەزراوە و لە دەرەوەی دامەزراوە و لایەنەکانی تری کێشەی خاوەنکێشە جاچ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ وە بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست.

لەبەرئەوە پێویست و گرنگە کە سوود لە ڕاوێژ و سەرچاوە و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی وەربگیرێت کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە لە توێژینەوەکەی ئێستادا بە ناونیشانی (مەترسی پیشەیی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا).

**١: ٣: ئامانجی توێژینەوەکە:** لەبەر ڕۆشنایی کێشەیی و گرنگی بابەتی مەترسی پیشەیی لە بوارە مرۆییەکاندا و لەپیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە زانین و دیاریکردنی مەترسی پیشەیی کە ڕووبەڕووی پیشەگەری بواری کاری مرۆیی دەبێتەوە بەهۆی بارودۆخ وجۆری کێشەی خاوەنکێشە لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا و ئامانجی سەرەکی چەند ئامانجێکی لاوەکی لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە دیاریکردنی مەترسی پیشەیی پیشەگەر بەپێی:

١. جۆری دامەزراوە.
٢. ڕەگەزی پیشەگەر (نێر، مێ).

٣. تەمەنی پیشەگەر (٢٢-٣١، ٣٢-٤١، ٤٢-٥١).

٤. باری کۆمەڵایەتی پیشەگەر (سەڵت، خێزاندار، تاك مردوو).

٥. بڕوانامەی زانستی پیشەگەر (بەکالۆریۆس، ماستەر).

٦. پسپۆڕی پیشەگەر (کۆمەڵایەتی، دەروونی).

٧. ماوەی خزمەتی پیشەیی پیشەگەر (١ساڵ کەمتر، ١-١٥ساڵ، ١٦-٢٥ساڵ).

**١: ٤: چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

١. مەترسی (Risk):

- مەترسی لە زمانەوانیدا وشەیەکی واتاییە (Abstract)[١]، وە چەمکێکی نوێیە لە ژیانی هاوچەرخدا و بەمانای پێشبینی کردنی بەگومان (نادڵنیا) دێت دەربارەی ڕەفتار یان کردەوەیەکی نەرێنی (زیانبەخش) یان لەدەستدان یان ئازار کە دەشێ لە داهاتوودا ڕووبدات و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شتێك کە ئەگەری مەترسی لێدەکرێت.

- لە ڕوی ڕێزمانییەوە مەترسی واتە ئەگەری ڕوودانی زیان[٢].

- لە دەروونناسیدا مەترسی واتە ئەگەر یان سەرکێشی مەترسیدار[٣].

- لە کۆمەڵناسیدا ئەو مەترسییانەیە کە مرۆڤ تووشی دەبێت لە ئەنجامی ڕودانی ڕووداوی چاوەڕوانکراوی لەناکاو و دەبێتە هۆی لەدەستدانی تەواو یان بەشێك بەشێوەیەکی کاتی یان بۆ هەمیشە[٤].

- لە کاری کۆمەڵایەتیدا مەترسی هۆکارێکە کە کاریگەری یان هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی ئەگەری دەرکەوتنی فشارە، یان ئەنجامی نەرێنی دوای ڕوودانی ڕووداوێکی نەرێنی یان زەرەرمەند[٥]. بەشێوەیەکی گشتی مەترسی بریتییە لە ئەگەری ڕودانی ڕوداوێکی نەرێنی دیاریکراو لەماوەیەکی دیاریکراودا، یان دەرئەنجامی بەرەنگارییەکی دیاریکراو[٦].

---

1 Department of Health, National Risk Management Programme (2007): Best Practice in Managing Risk, London , Great Britain, p4.

٢ مجمع الوجيز (١٩٩١): طبعة خاصة بوزارة التربية والتعليم، مصر، ص٢٠٢.

٣ جابر، جابر عبدالحميد و علاء الدين كفافي (١٩٩٥) : معجم علم النفس والطب النفسي، الجزء السابع ، دار النهضة العربية، القاهرة، ص٣٣٠٩.

٤ بدوي، أحمد ذكي (١٩٧٨) : معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية، الطبعة الأولى ، لبنان، ص٣٩٥.

5 Phyllida, Parsloe (1999): Risk Assessment in Social Care and Social Work, First Published ed., Jessica Kingsley publishers, London, United kingdom, p528.

6 Crouhy, Michel & others (2006): The essentials of risk management, The McGraw-Hill Companies, U.S.A, p20-21.

٢. پیشەیی (Professional):

- پیشـەیی وشـەیەکی وەسـفدارە ئاماژەیـە بـۆ جـۆری پیشـەی دیـاریکراو وناوەکـەی بریتییـە لـە پیشـە (Profession) بەمانای ئەو پیشەیەی کە پێویستی بە بڕوانامە (ڕێپێدان)ی فەرمی هەیە و زۆرجار بەدرێژایی ژیان بەردەوامدەبێت[1].

- پیشە واتە کار کە پێویستی بە شارەزایی و کارامەیی و لێهاتوویی هەیە[2].

- پیشە واتە جۆری ئەو کارەی کە کەسێك دەیکات[3].

- لەم توێژینەوەیەدا مەترسی پیشـەیی بریتییە لە زیانلێکەوتن و لەدەستدانی تەواوەتی یان بەشێك لە لایـەنی جەسـتەیی، لایـەنی دەروونـی، لایـەنی کۆمەڵایـەتی، لەهـەموو لایەنەکانـدا و بەشـێوەیەکی کـاتی یـان بـۆ هەمیشە، کە بەهۆی بارودۆخ و کێشەی خاوەنکێشەوە[4] ڕوودەدات و کاریگەری لەسـەر پیشـە و ژیـانی پیشـەگەر لە ئێستایی و داهاتوویدا دروستدەکات.

٣. پیادەکردن (Practice):

- پیادەکردن بریتییە لـەو چوارچێوە گشتگیرەی کـە تیشکدەخاتە سـەر بەرپرسیاریەتی ئاڵوگۆڕی نێوان پیشەگەر و بەکارهێنەری خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییـەکان بۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ کێشـەکان بـە سـوود وەرگـرتن لەو سەرچاوانەی لە کۆمەڵگەدا هەن بۆ ئاسانکاریکردنی بەدەستهێنانیان[5].

- پیادەکردن بریتییە لەو چوارچێوەیەی کە چوارچێوەیەکی تیۆری هەڵبژاردەیی دەبەخشێت بە پیشـەگەر بۆ توانایی پیادەکردنی پیشەیی و بەرپرسیارێتیە سەرەکیەی خۆی دەبینێتەوە لـە گۆڕانکـاری پـلان بۆداڕێـژراو و کرداری چارەسەرکردنی کێشە[6].

- پیـادەکردن بریتییـە لـە جێبـەجێکردنی بنکەیـەکی زانینـی و بـەهای پیشـەیی و کۆمـەڵێکی فـراوان لـە کارامەیی بە ئامانجی گۆڕانکاریکردن لە چوارچێوەی پێنج کرداری یەکـەمی و سـەرەکیدا کـە بریتین لـە (هاندان

---

1 Hazel, Kemshal (2002): Risk Social Policy and Welfare, Philadelphia, First Published, Open University Press, U.S.A, p208.

٢ مجمع الوجيز (١٩٩١): نفس المصدر السابق، ص٥٩٣.

٣ بدوي، أحمد ذكي (١٩٧٨) :معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية نفس المصدر السابق، ص٢٩٢.

٤ هەروەها خاوەن کێشە پێی دەگوترێت سودمەند یان خاوەن پێویستی یان بەکارهێنەری خزمەتگوزاری.

٥ سرحان، نظيمة أحمد محمود (٢٠٠٦) : الخدمة الإجتماعية المعاصرة، الطبعة الأولى ، مجموعة النيل العربية، القاهر،ص٢٢٦.

٦ سليمان، حسين حسن و آخرون (٢٠٠٥): الممارسة العامة في الخدمة الإجتماعية مع الفرد و الأسرة، طبعة الأولى،مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ص٢٦.

وهێزدان بە خاوەن پێویستی، کارکردنی چالاك لە پەیکەرێکی ڕێکخراو و لە ژێر سەرپەرشتیدا، جێبەجێکردنی هەندێك ڕۆڵی پیشەیی فراوان، بنەما بەڵگەییەکانی پیادەکردن، کارامەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە)[1].

- پیادەکردن بریتییە لە گەشەپێدان و داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی گۆڕانکاری لە ڕێی بەکارهێنانی دەستێوەردانی زانستی توێژینەوەیی[2].

- لەم توێژینەوەیەدا پیادەکردن ئاماژەیە بۆ ئەو هەنگاو و کردارە مەیدانیانەی کە پیشەگەر لە چوارچێوەی ڕۆڵی پیشەیی دیاریکراودا ئەنجامیان دەدات بە ئامانجی یارمەتیدانی خاوەن کێشە.

٤. کاری کۆمەڵایەتی (Social Work):

- کاری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دامەزراوەیی، لە چالاکی کەسی فەرمانبەرانی کاری کۆمەڵایەتی پێکدێت وبریتیە لە بەرەوپێشبردنی تەندروستی و خۆشگوزەرانی خەڵك و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن (self-sufficient)، ڕێگریکردن لە پشتبەستن بە کەسانی تر، بەهێزکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان، گێڕانەوەی تاکەکان و خێزانەکان و گروپەکان و کۆمەڵگە بۆ پیادەکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانیان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو[3].

- کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لەکۆمەڵێك ئەرك کە لە لایەن ڕاهێنراوان (ئەو کەسانەی کاری کۆمەڵایەتی پیادە دەکەن) یان ئەو پیشەگەرانەی کە یارمەتی خەڵك دەدەن،بەئامانجی باشترکردنی تەندروستی خەڵك (People's Health)، باشترکردنی جۆرێتی ژیانیان (Quality of Life)، بەرزکردنەوەی ئاستی پشت بەستن بە خۆیان وسەربەخۆیی بوون، وپاڵپشتی خێزانەکان، یارمەتیدانی خەڵك بەگشتی و سستم بەشێوەیەکی گشتی بۆ باشترکردنی ڕۆڵی لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا[4].

- پێناسەی جیهانی (نێونەتەوەیی یان نێودەوڵەتی) کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە پیشەی هاندانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا و هێزدان و سەربەستکردنی خەڵك بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی، بە بەکارهێنانی تیۆرەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و سستەمە کۆمەڵایەتییەکان، لەو خاڵەدا

---

1 Mizrahi, Terry & Larry E. Davis (2008): Encyclopedia of Social Work, 20th Edition, Volume 4, NASW and Oxford Press, New York, p93.
2 Phyllida, Parsloe (1999): Risk Assessment in Social Care and Social Work, Op. Cit., p396.
3 Phyllida, Parsloe (1999): Risk Assessment in Social Care and Social Work, Op. Cit.,p98.
4 Mizrahi, Terry & Larry E. Davis (2008): Encyclopedia of Social Work, Op. Cit.,p112.

دەستوەردان دەكات كە خەڵك لەگەڵ یەكتریدا كارلێكدەكات لەگەڵ ژینگەكەیاندا، بنچینەكەشی بریتییە لە بنەماكانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری كۆمەڵایەتی[1].

- لەم توێژینەوەیەدا كاری كۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ چوارچێوەی پیشەیی كە ڕۆڵی پیشەیی دیاریكراو لە خۆ دەگرێت كە تیایدا یارمەتی دەروونی و كۆمەڵایەتی پێشكەشدەكرێت لەلایەن پیشەگەری بواری دەروونی و كۆمەڵایەتییەوە لە چوارچێوەی دامەزراوەی ڕەسمی دیاریكراودا بەو كەسانەی كە لە بارودۆخێكی نائاسایی جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتی و یاساییدان بۆ یارمەتیدانیان بە ئامانجی باشتركردنی ژیانیان و چارەسەری كێشەكانیان.

**١: ٥: سنووری توێژینەوەكە:** سنوری توێژینەوەكە لە چوارچێوەی جوگرافیدا بریتییە لە دامەزراوە فەرمییەكان (حكومیەكان) لە شاری سلێمانی. سنورە مرۆییەكەی ئەو پیشەگەرانەن كە هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس یان ماستەرن لە بواری كۆمەڵایەتی یان لە بواری دەروونیدا و پیادەی كاری كۆمەڵایەتی دەكەن بە شێواز و ڕێگە و ڕێژە و ئاستی جیاواز بەپێی ڕۆڵە پیشەییەكەیان لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەكانی شاری سلێمانیدا. سنوری كاتیی ئەم توێژینەوەیە واتە چوارچێوەی ڕێكارە مەیدانییەكان لەگەڵ لێتوێژراوان (نموونەی توێژینەوەكە) جێبەجێكرا لە بەهار و هاوینی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧).

**٢: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە:**

**٢: ١: بەكارهێنانی مێژوویی "مەترسی" لە توێژینەوەی زانستیدا:** سەرەتای بەكارهێنانی وشەی "مەترسی" دەگەڕێتەوە بۆ یارییە پاڵەوانێتییەكان بەمانای ئەگەری بردنەوە یان لە دەستدان. لە سەدەی هەژدەدا مەترسی پەیوەست بوو بە دڵنیایی دەریاییەوە لە هەژماركردنی ئەگەرەكانی گەڕاندنەوەی كەشتی بە سەلامەتی بۆ بەندەر. لە سەردەمی نوێدا (كۆتایی سەدەی نۆزدە وسەدەی بیست) ئەگەر و ئاماری هەژماركراوی مەترسی ڕاستەقینە زۆر لە لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و ئاسایشی گشتی گرتەوە ومەترسی مایەی سەرقاڵی كۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بوو بە جۆرێك كە كۆمەڵگایان ناودەبرد بە "كۆمەڵگای مەترسی"، بە جەختكردنە سەر نا دڵنیایی (Uncertainty)، تاكیبوون (Individualization)، لۆمە -سكاڵا - ناڕەزایی - ڕەخنە[2]. لەسەردەمی نوێخوازی درەنگدا كە ناونراوە بە سەردەمی مەترسی جیهانی (Global risk) و جیادەكرێتەوە بە زانینی

1Holzmann , Robert & others (2003): Social Risk Management The World Bank's Approach To Social Protection In A Globalization World, The Human Development Network The World Bank, Washington, D.C., U.S.A, p27.
2Barry, Monica (2007): Effective Approaches To Risk Assessment In Social Work-An International Literature Review Final Report, Scottish Executive Social Research, University of Stirling, p1.

نادیاریکراو وکتوپڕ و دڵنیانەبوون لە ئەنجام و کاریگەری لە دواڕۆژدا و لەساڵی (١٩٩٩) دا بە جیهانی ڕاکردوو (Runaway world) ئاماژەی پێکرا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، بەوەی کە (مەترسی ڕێکخراو لە چاودێری کۆمەڵایەتیدا بزرە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە، کۆتایی هاتنی هەر بەندێکی باو (نەریتی یان شێوازی کۆن) مەترسی توندتر دەکات، مەترسییەکان بەبەردەوامی لە زیاد بووندان[1] . مەترسی لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرەتا گەشەپێکرا لە ئەنترۆپۆلوجی و جوگرافیا و ئەدەبی هونەری ولە تاقیکردنەوەی دەروونیدا لە ئاڕاستەکانی دەروونناسی مەعریفی و تیۆری بڕیاردانی ڕەفتاری و بەڕێوەبردنی خود (Self-management) لە هەڵسەنگاندنی خودی تاك خۆی بۆ مەترسی و سوودی دیاریکراو بۆ نموونە لە پەیوەندی نێوان فشار و بڕیاداندا[2]، لە کرۆکی تەندروستی گشتی (Public Health) وتوێژینەوەکانی سەبارەت بە ئایدز، پاشان لە سیایەتی کۆمەڵایەتی (Social Policy) و ئەدەبیاتی پۆلیسیدا (Policing Literature)، لە کۆمەڵناسی مەترسی (Sociology of Risk)دا لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا (Contemporary Society) کە تیشك دەخاتە سەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (Social Life) دەربارەی خۆشی، گەڕان بەدوای چێژ، مەترسی ڕەگەزی (نێرومێ). مەترسی بابەتێکی گرنگە لە کردارەکانی دەستێوەردانی پیشەیی کارە مرۆییەکاندا لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا، لەمەیدانی دادوەریدا (Justice)، لە ماوەی ساڵانی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست ویەك لە چوارچێوەیەکی بابەتییانەدا (Objective) بە "زانستی مەترسی Science of Risk" ناودەبرێت[3] .

**٢ : ٢: هۆکارەکانی مەترسی پیشەیی لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا:** هۆکارەکانی مەترسی بریتین لەو گۆڕاوانەی (Variables)، کە ئەگەرەکانی مەترسی پێشبینیکراو زیاتر یان کەمتر دەکەنەوەو دەتوانرێت پۆلێن بکرێن بۆ دوو جۆر:

یەکەم: هۆکارە ئەرێنییەکان: ئەو هۆکارانەن کە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی نەرێنی یان بەردەوامی دۆخی نەرێنی ناهێڵن یان کەمدەکەنەوە و ئەمە بەسوودە بۆ پیشەگەر لە ڕووی تیۆری و مەیدانییەوە لە سەر هەرسێ ئاستی نرخاندن (Assessment) و دەستوەردان (Intervention) و هەڵسەنگاندن (Evaluation). ئەم هۆکارانە دوو جۆر هۆکای تر لەخۆ دەگرن کە بریتین لە:

---

1Hazel, Kemshall & others (2013): Working with Risk: Skills for Contemporary Social Work, First Published ed., Polity Press, Great Britain, p5-6.
2Stanley, Tony W. (2005): Making Decisions: Social Work Processes And The Construction of Risk(s) in Child Protection Work,PHD, University of Canterbury, England, p63.
3 Stanley, Tony W. (2005): Making Decisions: Social Work Processes And The Construction of Risk(s) in Child Protection Work,PHD, Op. Cit., p16-17,66-71.

١. هۆكاره پارێزەكان: ئەو بارودۆخانەن كە یارمەتی تاكەكان دەدەن لە كەمكردنەوەی (Reduce) مەترسی و هانی خۆگونجان دەدات كە لەوانەیە چەند خەسڵەتێكی ناوەكی كەسیی بن (Internal Personal).

٢. هۆكاره بەربەستەكان: كە بەرگری دەستەبەر دەكەن یان هێوركردنەوەی مەترسی دەستەبەر دەكەن (Mediate)[١].

دووەم: هۆكاره نەرێنییەكان: ئەو تایبەتمەندی و بارودۆخە كەسییانەن كە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی نەرێنی یان بەردەوامی حاڵەتی نەرێنی دەدەن یان زیاد دەكەن وپەیوەندییان هەیە بە ڕووداوی نەرێنی (زیانبەخش)، ئەو هۆكارانەش هەردووكیان لەدەرەوەی دەسەڵاتی تاكن وپۆلێندەكرێن بەسەر دوو پۆلدا:

١.هۆكاره جێگیرەكان- بێجوڵەكان: وەك (تەمەن، ڕەگەز، باری كۆمەڵایەتی، مێژووی حاڵەت، تۆماری تەندرووستی) كە گۆڕاكارییان بەسەردا نایەت. لەبەرئەوە زیاتر پشتی پێدەبەسترێت لە ئاماژەكانی ڕوودانی مەترسی لە داهاتوودا، وە ئەم هۆكارانە كاتێك هاوبەش دەبن لەگەڵ هۆكاره ناجێگیرەكان، ئەوا زیاتر كاریگەر دەبن بۆ ڕوودانی مەترسی لە داهاتوودا[٢].

٢. هۆكاره ناجێگیرەكان- جوڵەدارەكان- زیندووەكان: ئەو هۆكارانەن كە بەپێی كات گۆڕانكاری بەسەردا دێت وەك (بەكارهێنانی ماددەی قەدەغەكراو، هەڵوێست، بیروباوەڕ، دۆخی پیشەیی، مووچە). كە دەكرێت لایەنێك بێت لە تاك یان لایەنێك بێت لە ژینگەی تاك كە زیاتر دەتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، یان بەڕێوە ببرێن. ئەو هۆكاره جوڵەدارانەی كە زۆر بە هێواشی گۆڕانكارییان بەسەردا دێت و پێیان دەوترێت هۆكاره مەترسییە درێژخایەنەكان، ئەو هۆكارانەن كە بە زوویی گۆڕانكارییان دێت بەسەردا پێیان دەوترێت هۆكاره توندەكان ( Acute factors) ، كاریگەریشیان لەسەر مەترسی كورتخایەن دەبێت[٣] [٤].

**٢: ٣: جۆرەكانی مەترسی پیشەیی لە خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكاندا:** مەترسی پێكدێت لە دوو گۆڕاوی پێكهێنەر: ئەنجام و ئەگەر. بەمانای ئەوەی كە هەر پیشەگەرێك كە نرخاندن بۆ مەترسی دەكات لەسەر بنەمای ترسناكی ئەو ئەنجامانەی كە ئەگەرە ڕووبدات[٥]. مەترسی پلەی جیاوازی هەیە، هەروەها چەند جۆرێكیشی هەیە

---

1 Mizrahi, Terry & Larry E. Davis (2008): Encyclopedia of Social Work, 20th Edition, Op. Cit., p528.
2 Barry, Monica (2007): Effective Approaches To Risk Assessment In Social Work-An International Literature Review Final Report, Scottish Executive Social Research, Op. Cit.,p5.
3 Burman, Michele & others (2007): Research and practice in risk assessment and risk management of children and young people engaged in offending behaviours, G. University, Ed., Scotland : The scottish centre for crime and justice research report, p10-17.
4 Department of Health, National Risk Management Programme (2007): Best Practice in Managing Risk, London , Great Britain, p13-14.
5 Carson, David & Andy Bain. (2008): Professional Risk and working with people First Published, Jessica Kingsley Publishers, Great Britain, p20-21.

لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، بەرامبەر تاکەکان، خێزانەکان، گروپەکان، کۆمەڵگەکان، بۆ پیشەگەر خۆی، هاوپیشەکانی تری، هاوکار، بەڕێوەبەری کار ، دامەزراوە بەگشتی. مەترسی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا پۆلێندەکرێت بەسەر دوو پۆلدا و بریتین لە:

١. مەترسی کە کەسانێك بۆ کەسانێکی تری دروستدەکەن، یان دەبنە هۆی مەترسی بۆ کەسانی تر.

٢. مەترسی کە کەسانێك تووشی دەبن، یان ئامادەیی ڕووبەڕووی مەترسیان هەیە لە لایەن کەسانی ترەوە[1]. لەم پۆلێنکردنەی مەترسی سێ جۆر مەترسی دیاریدەکرێت کە بریتین لە:

١. مەترسی بەرامبەر سوودمەند لەلایەن کەسانی ترەوە لەلایەن کەسی پەیوەندیدار بە کێشەی سوودمەندەوە.

٢. مەترسی سوودمەند بەرامبەر خودی خۆی بەهۆی ڕەفتاری خۆیەوە، وەك خۆکوشتن، پشت گوێخستنی خود، خۆ تووشکردن بەڕەفتاری مەترسی بەهۆی کەسانێك کەتووشی خڵەفان بوون.

٣. مەترسی بەرامەبەر کەسی ناسراو یان کەسی نەناسراو لەلایەن سوودمەندەوە، وەك کەسی حوکمدراو بە تاوان، وەهەندێك لەوانەی کە نەخۆشی ژیرییان هەیە و هتد.[2].

**٢: ٤ : خەسڵەتەکانی مەترسی پیشەیی لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا:** خەسڵەتەکانی مەترسی پیشەیی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا لە چوار ڕووەوە دیاریدەکرێت:

١. لە ڕووی سەرچاوەوە: مەترسی سرووشتی، مەترسی لە دەرئەنجامی چالاکی مرۆییەوە.

٢. لە ڕووی هاوپەیوەندییەوە: مەترسی پەیوەست بێت بە تاکێکەوە یان مەترسی پەیوەست لەنێوان چەند تاکێکدا.

٣. لە ڕووی دووبارەبوونەوە: مەترسی دووبارە ئەبێتەوە بە تێپەڕبوونی کات، یان لەگەڵ مەترسی تر کەڵەکە دەبێت.

٤. لە ڕووی هێزەوە: مەترسی ڕێژەکەی نزمە بەڵام کاریگەرییەکەی بەهێزە یاخود ڕێژەکەی بەرزە بەڵام کاریگەرییەکەی لاوازە لە کردارەکانی چاودێری کۆمەڵایەتیدا[3].

1 Hazel, Kemshall & others (2013): Working with Risk: Skills for Contemporary Social Work, First Published ed., Polity Press, Great Britain, p4.
2 Phyllida, Parsloe (1999): Risk Assessment in Social Care and Social Work, Op. Cit., p9-10.
3 Holzmann, Robert & others (2003): Social Risk Management The World Bank's Approach To Social Protection In A Globalization World, Op. Cit., p6.

**٢: ٥ چوارچێوەی تیۆری مەترسی پیشەیی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا:** سنوری تیۆری ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی تیۆری مەترسی و خۆڕاگری (Risk and resilience)، کە یەکێکە لە تیۆرەکانی پیادەکردنی پیشەیی لە کاری کۆمەڵایەتیدا وچوارچێوەیەکی تیۆری هەمە– بیردۆزییە و بیرۆکە سەرەکییەکەی بریتییە لەوەی کە مرۆڤ توانای خۆڕاگری هەیە و دەتوانێت زاڵ ببێت بەسەر ڕوداوە زیان بەخشەکاندا وسەرەڕای کارەسات دەتوانێت خۆشگوزەرانی بەدەستبهێنێت.

ئەم تیۆرە بنیادنراوە لەسەر تیۆری گەشەسەندنی ژینگەیی وێنەکراوە لەسەر شێوەی توێژینەوەی درمناسی (Epidemiological). بۆچوونی ئەم بیردۆزە بۆ تاکە لەسەر بازنەی ژیان (مەترسی بونیادێکی تاکییە لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا)، شیاوە و کارپێدەکرێت بۆ هەموو جۆرە سستمێك بە هەر قەبارەیەك بێت لەوانەش لە پرۆسەی دەستوەردانی پیشەیی لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پیشەگەرەوە[1].

خۆڕاگری (کە بەمانای نەرمی– جیری دێت)، کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی تێپەڕبوونی کات، بەردەوامبوون دەگەیەنێت بۆ بەدەستهێنانی گونجاندنێکی باش سەرەڕای بوونی مەترسی گەشەکردوو، فشاری توند، کارەساتی درێژخایەن. خۆڕاگری واتە گەشەپێدانی کۆمەڵێك ڕەفتاری خۆپارێزی و هێز، کە دەکەوێتەگەڕ یان ئاشکرا دەبێت یان دەردەکەوێت لەکاتی پێزانین بە شەش دۆخ و بریتین لە:

١. ئەزمونێکی زۆر زەحمەت، نموونە وەك دەستبەکاربوون لە پیشەی نوێ یان زەحمەت.
٢. گەشەپێدانی تێپەڕبوون ، نموونە وەك بوون بە دایك یان بوون بە باوك.
٣. کارەساتی تاك، نموونە وەك جیاکاری وەچەوساندنەوە.
٤. کارەساتی بەکۆمەڵ، نموونە وەك کارەساتی سرووشتی و جەنگ.
٥. گۆڕانکاری سستمی، نموونە وەك بەکارهێنانی تەکنەلۆژی.
٦. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی سیاسی بەرفراوان، نموونە وەك تەقینەوەی ناوەکی. بە سێ شێواز: گۆڕاو (ژینگە ،خاسیەتی تاك)، کەسەکە (ڕەفتاری مەترسی کە ڕەگەز و تەمەن و نەژاد وئاراستەی ڕەگەزی و توانادەگرێتەوە)، ڕێسا (باشترکردنی جۆری ژیان) ئەوەش بە زیادکردنی ژمارە وجۆری سەرچاوەکان[2].

**٢: ٦ کرداری نرخاندن و بەڕێوەبردنی مەترسی پیشەیی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا:** نرخاندنی مەترسی هەنگاوی یەکەم و بەردەوامە لە کردارەکانی نێوان پیشەگەر و سوودمەند، وەتێیدا پێداچوونەوە

---
1 Mizrahi, Terry & Larry E. Davis (2008): Encyclopedia of Social Work, 20th Edition, Op. Cit., p526.
2 Mizrahi, Terry & Larry E. Davis (2008): Encyclopedia of Social Work, 20th Edition, Ibid, p527-528.

دەکرێت بە کردارەکاندا وپاڵپشتی کردنی بۆ یارمەتیدانێکی گونجاو بەبێ زیادەڕەویکردن یان کەموکورتی لە دەستێوەردانی پیشەییدا[1] . لەڕێی:

١. دیاریکردن و نرخاندنی سرووشتی مەترسییەکە.

٢. هاوسەنگکردن لەنێوان ماف و بەرپرسیارییەتی سەرجەم لایەنەکانی پەیوەندیدار بە ترسەکەوە.

٣. چاودێریکردنی مەترسییەکە بەبەردەوامی و بەڕێوەبردنی[2] .

نرخاندنی مەترسی لەسەر کۆمەڵێك ڕێسا دیاریکراوە، بریتین لە (بەڵگە و شیکردنەوەی ڕاست و تەواو ودەستکەتنی زانیاری لەجیاتی حوکمدانی پیشەیی پێشوەخت، پیشەگەرەکان زمانێکی هاوبەشیان هەبێت بۆ مەترسی وتێگەیشتنی هاوبەشیان هەبێت بۆ چەمکەسەرەکییەکانی و بەکارهێنانەکانیان، پشتبەستن بە بەڵێننامەی ڕوون و ئاشکرا لە کارکردندا وە سەیرکردنی نرخاندنی مەترسی وەك ئەوەی کە کردارێکە بەشێکە لە کردارە کارگێڕگێڕییەکانی تر)[3] .

لە نرخاندندا کرداری داڕشتنی مەترسی (Risk formulation) ئەنجامدەدرێت واتە دیاریکردنی توندی و قەبارەی مەترسییەکە لە ڕووی کاریگەرییەوە کە بەهۆیەوە ئامادەکاری و خێرایی کرداری دەستێوەردان و مانەوەی هۆکارەکانی پارێزی دیاریدەکات و شیدەکاتەوە لەگەڵ چۆنێتی کارلێککردنیان و دەرئەنجامەکەیان کە پێویستی بە ڕێککەوتن هەیە لەگەڵ سوودمەند و ئەوانەی کە پەیوەندیدارن بە کرداری چاودێریکردنەوە[4] .

مەترسی دەتوانرێت بەڕێوەببرێت (Management) ودابڕێژرێت لەسەر بنەمای نرخاندنی مەترسی لەڕێی گەشەپێدانی پلانی نەرم ( Flexible) کەبەشێوەیەکی گشتی دابەشدەبێت بەسەر سێ پۆلی سەرەکیدا، کە بریتین لە:

١. پلانی پارێز جێبەجێدەکرێت پێش ئەوەی مەترسی ڕووبدات بۆ ڕێگریکردن یان کەمکردنەوەی، ئەمە پلانی بەرگەگرتنی مەترسییە، کە جەخت دەکاتە سەر خۆشگوزەرانی ئەقڵی ، ماف، توانا، هەڵبژاردن ، بەشداریکردن.

1 Burman, Michele & others (2007): Research and practice in risk assessment and risk management of children and young people engaged in offending behaviours, Op. Cit., p10-11.

2 Hothersall, Steve J. & Mike Mass-Lowit (2010): Need, Risk and Protection in Social Work Practice, First Published ed., Bell & Bain Ltd, Glasgow, Great Britain, p3.

3 Barry, Monica (2007): Effective Approaches To Risk Assessment In Social Work-An International Literature Review Final Report, Op. Cit., p3.

4 Department of Health, National Risk Management Programme (2007): Best Practice in Managing Risk, Op. Cit., p17.

٢. پلانی کەمکردنەوە یان سوککردنی مەترسی پێش ئەوەی ڕوو بدات بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ڕووداوی مەترسی کە لەداهاتوودا ڕوودەدات، ئەوەش لە ڕێی کۆی ئەوەی لەبەردەستدایە، کە جەختدەکاتە سەر درووستی جەستەیی – ترسی جەستەیی –ئازاردانی جەستەیی، دەستبەسەردا گرتن، توانا نەمان–پەککەوتن[1].

٣. پلانی مامەڵە کردن دادەڕێژرێن لەگەڵ مەترسی دوای ڕوودانی مەترسی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری مەترسی دوای ئەوەی کە ڕوودەدات[2].

کرداری دەستگرتن بەسەر مەترسیدا و پاراستنی ئەو دەستبەسەردا گرتنە چەند شێوازێك دەگرێتەوە:

١. دەستبەسەرداگرتنی ڕەفتاری تاك، ئەوەی کە دەتوانێت یان ئەوەی کەناتوانێت ئەنجامی بدات.

٢. دەستبەسەرداگرتنی زانیاری وەرگیراو یان بەدەستهێنراو لە کەسانی ترەوە (بەڵگە).

٣. دەستبەسەرداگرتنی ژینگەی فیزیکی، ژینگەی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن کەسانی ترەوە ئەزمونکراوە یان بەسەریان هاتووە.

بڕیاردانی دروست – شیاو – ڕاست لە بارودۆخی مەترسیدا ، کە بەهۆیەوە پیشەگەر دەتوانێت دەرئەنجامی جیاواز بەدەستبهێنێت حەوت سەرچاوەی گرنگ دەگرێتەوە ، ئەوانیش بریتین لە (ڕاوێژکردن بە هاوکاران – هاوپیشەکان، بەدەستهێنانی سەپەرشتی گونجاو، پیاچوونەوە بە پێوەرە ڕەوشتییەکاندا، پیاچوونەوە بە ڕێنمایی پەیوەندیدار و یاساو ڕێساو پارێزییەکان، پیاچوونەوە بە توێژینەوە و بلاّوکراوە پەیوەندیدارەکان، بەدەستهێنانی ڕاوێژی یاسایی لەکاتی پێویستدا، بەبەڵگەییکردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی بڕیاردان[3]. سێ ڕێسای سەرەکی هەیە بۆ زیادکردن یان کەمکردنی مەترسی پیشەیی کە بریتین لە متمانە لە نێوان پیشەگەر و سوودمەند، لەنێوان پیشەگەر وە بەڕێوەبەر وە دەسەڵاتدان بەپیشەگەر بۆ ئەوەی بە باوەڕ بەخۆ بوونەوە – بەپشت بەستن بە زانیاری و توانای خۆی کاربکات، هەروەها وتووێژکردن لە نێوان لایەنەکاندا)[4].

---

1 Barry, Monica (2007): Effective Approaches To Risk Assessment In Social Work-An International Literature Review Final Report, Ibid, p5-6.
2 Holzmann , Robert & others (2003): Social Risk Management The World Bank's Approach To Social Protection In A Globalization World, OP. Cit., p6.
3 Reamer, F. G. (2015): Risk Management in Social Work, Columbia University Press, New York , U.S.A, p14-16.
4 Barry, Monica (2007): Effective Approaches To Risk Assessment In Social Work-An International Literature Review Final Report, Op. Cit., p40.

**بەشی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**٣: ڕێوشوێنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفی- شیکارییە بەکارهێنانی هەریەك لە ڕێبازەکانی مێژوویی و ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی وردی مەترسی پیشەیی لە پیادەکردنی کۆمەڵایەتیدا بەپێی ئەنجامەکانی کە لە سەرەتادا ئاماژەی پێکراوە.

**٣: ١: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە شاری سلێمانی.**

**٣: ٢: نموونەی توێژینەوەکە:** لەبەر ڕۆشنایی بابەتی توێژینەوەکە کە "مەترسی پیشەییە لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا"، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە نوێیە ویەکەم توێژینەوەی زانستییە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا و لەپێناو دەستکەوتن و دیاریکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە وردی و زانستیانە، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا، واتە بەمەبەست ژمارەیەك دامەزراوای فەرمی هەڵبژێردران کە یارمەتی مرۆیی بەو کەسانە پێشکەشدەکەن کە لە بارودۆخی نائاساییدان لە ڕووی جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و یاساییەوە، ئەو دامەزراوە فەرمییانەی کە پیشەگەری کاری مرۆیی (کۆمەڵایەتی، دەروونی)یان هەیە و پیادەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن بەپێی ڕۆڵی پیشەییان لە دامەزراوەکەدا وەکو (توێژەری کۆمەڵایەتی، توێژەری دەروونی، ڕێنماییکاری دەروونی، چارەسازی دەروونی). بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر هەموو ئەو پیشەگەرانە وەرگیراون کە لەو دامەزراوانەدا کار دەکەن و کۆی گشتییان بریتی بوو لە (٦٦) پیشەگەر.

لە کۆی (٦٦) پیشەگەر تەنها توانرا (٥٤) پیشەگەر بەشداری پێبکرێت لە توێژینەوەکەدا، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە (٢) پیشەگەر کە لە ڕەگەزی مێ بوون لە مۆڵەتی ماوە درێژدا بوون بۆ ماوەی (ساڵێك)، (١٠) پیشەگەرەکەی تر کە پێنجیان ڕەگەزی مێ و پێنجەکەی تریشیان لە ڕەگەزی نێر بوو ڕازی نەبوون بە چاوپێکەوتن بەهۆی هەستیارییان دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە سەڕای بوونی پاڵپشتیکردن یاخود هاوکاری زانستی - ئەکادیمی ڕەسمی و دامەزراوەیی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان و ڕاسپاردنی پیشەگەرەکانیان بەڵام لەپێناو پابەند بوونی زانستی تەواو ڕەزامەندی و ئارەزوومەندی تەواو درا بە پیشەگەرەکان لە بەشداریکردنیان لە توێژینەوەکەدا. (خشتەی ١).

خشتەی ١ (نموونەی توێژینەوەکە)

| ژ | جۆری دامەزراوە | ژ.پیشەگەری بنەڕەتی | | ناوی دامەزراوە | ژ.پیشەگەری لێتوێژراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چاکسازی | 22 | ١٤ | چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان | ١١ | ١٤ |
| | | | ٨ | چاکسازی پیاوان | ٣ | |
| ٢ | دادوەری | 7 | ٤ | دادگای باری کەسێتی | ٣ | ٥ |
| | | | ٣ | دادگای نەوجەوانان | ٢ | |
| ٣ | تەندرووستی جەستەیی | 16 | ٨ | نەخۆشخانەی هیوا تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە (بەشی گەوران) | ٦ | ١٤ |
| | | | ٣ | نەخۆشخانەی هیوا تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە (بەشی منداڵان) | ٣ | |
| | | | ٥ | نەخۆشخانەی سوتاوی | ٥ | |
| ٤ | تەندرووستی دەروونی | 21 | ٨ | سەنتەری چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی نەخۆشخانەی فریاکەوتن | ٨ | ٢١ |
| | | | ٨ | نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی تایبەت بە ڕەگەزی مێ | ٨ | |
| | | | ٥ | نەخۆشخانەی شەهید صلاحی ئەندازیار تایبەت بە ڕەگەزی نێر | ٥ | |
| کۆ | ٤ | 66 | ٦٦ | ١٠ | ٥٤ | ٥٤ |

**٣: ٣: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی توێژینەوەکە:** سرووشتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی توێژینەوەکە لە مەیدانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا وایخواست کە گونجاوترین ئامراز بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نموونەی توێژینەوەکە چاوپێکەوتنی ڕەسمی نیمچە ڕێکخراو بێت (Formal-Simi structure interview).

بۆ ئەم مەبەستە (٢١) پرسیاری داخراو و کراوە و نیمچە داخراو پێشوەخت ئامادەکرا، کە (٨)یان پرسیاری گشتی – سەرەتایی بوون دەربارەی نموونەی توێژینەوەکە (پیشەگەرەکان) وەکو (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، بڕوانامەی زانستی، پسپۆڕی، ناونیشانی پیشەیی، ناوی دامەزراوەکە، ماوەی خزمەتی پیشەیی). (١٣) پرسیارەکەی تر تایبەت بوون بە بابەتی توێژینەوەکە.

وەچاوپێکەوتن لەگەڵ (٥٤) پیشەگەری بەشداربوو لە توێژینەوەکەدا ئەنجامدرا، ئەو ماوەیەی کە هەر چاوپێکەوتنێك دەیخایاند بە نزیکەیی کاتژمێر و نیوێك بۆ دوو کاتژمێر بوو لە چەند ڕۆژی جیاوازدا و لە ماوەی (٤) مانگدا بەپێی خواست و ئارەزو وبواری لێتوێژراوان (نموونەی توێژینەوەکە).

**٣: ٤: کەرەستەی ئاماری بەکارهاتووی توێژینەوەکە:** لە دەرهێنانی ئەنجامی ژمارەیی یاخود ئاماری پرسیارە داخراوەکانی چاوپێکەوتندا چەند کەرەستە و هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراون وەکو هاوکێشەی تا بۆ دوو نموونە (Paired sample T-test)، ناوەندی ژمێرەیی (Mean) جگە لە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی (%-Percentage).

**٣: ٥: شیکردنەوەی ئەنجامەبەدەستهاتووەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

**٣: ٥: ١: ئامانجی یەکەم:** زانینی مەترسی پیشەیی پیشەگەر بەپێی جۆری دامەزراوە: سەرجەم ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە سەرجەم دامەزراوەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا ڕووبەڕووی مەترسی پیشەیی دەبوونەوە بەڵام بە ڕێژە و ئاست و پلەی جیاواز. هەروەها ڕێژە و ئاست و پلە وکارکردن لە کەیسە مەترسیدارەکان و وازهێنان لە کارکردن تێیاندا جیاواز بوو بە پێی جۆری دامەزراوەکە و جۆر و ڕێژە و ئاست و پلەی مەترسییە پیشەییەکە. (خشتەی ٢).

### خشتەی ٢ (مەترسی پیشەیی پیشەگەر بەپێی  جۆری دامەزراوە)

| ژ | بابەتی جیاوازیکردن | جۆری دامەزراوە | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | چاکسازی | دادوەری | تەندرووستی جەستەیی | تەندرووستی دەروونی |
| ١ | ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی پیشەیی | کۆی (١٤)یان ڕووبەڕووی دەبونەوە. (٢)یان زۆر بەکەمی، (٥)یان بەکەمی، (٥)یان زۆر، (٢)یان زۆرزۆر. ناوەندی ژمێرەیی (٣.٥). | کۆی (٥)یان ڕووبەڕووی دەبونەوە.(٤)یان بەکەمی، (١)یان بە زۆری. ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥). | کۆی (١٤)یان ڕووبەڕووی دەبونەوە.(3)یان زۆر بەکەمی، (٥)یان بەکەمی، (5)یان زۆر، (1)یان زۆرزۆر. ناوەندی ژمێرەیی (٣.٥). | کۆی (21)یان ڕووبەڕووی دەبونەوە. (4)یان زۆر بەکەمی، (6)یان بەکەمی، (9)یان زۆر، (2)یان زۆرزۆر. ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٥). |
| ٢ | جۆری مەترسی پیشەیی | جەستەیی(تووشبوونی نەخۆشیە ڤایرۆسیە گواستراوەکان، پەلاماردان)،دەروونی (هەڕەشەلێکردن، قسەپێووتنڕاستەوخۆوبە مۆبایل یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی تۆڕە کۆمەلأیەتییەکانەوە،بێزێزیکردن،هەوڵدان بۆ خستنە ناو کێشەوە)،کۆمەلأیەتی(لاوازبوونی پەیوەندییەکۆمەلأیەتییەکان)،یاسایی(دەستێوەردانی یاسایی لایەنی تر). | جەستەیی(ڕووبەڕووبوونی دەرکردن و ڕاونان لەکاتی سەردانکردنی ماڵی کەیس).دەروونی (هەڕەشەلێکردن، بەکارهێنانی قسەی نەشیاو و تۆمەت خستنە پاڵ بە لایەنگیری لایەنی بەرامبەر،فشاری زۆر بەهۆی زۆری کار و جۆرێتی کێشەکان.پیادەکەری پیشەیی نافرەت بەهۆی ڕەگەزیانەوە). | جەستەیی(گواستنەوەی بەکتریا و ڤایرۆسی نەخۆشی).دەروونی (سوتانی دەروونی و تووشبوون بە سستبوون و کەمتوانایی). | جەستەیی(پەلاماردان،گواستنەوەی ڤایرۆسی نەخۆشی).دەروونی (تورەیی،هەڵچوونی کتوپڕ، قسەی ناشرین،هەڕەشە لێکردن،درووستبوونی هەست بەرامبەرپیشەگەر،تێکچوون و شلەژانی دەروونی،دڵە ڕاوکێ وشەکەتی لە کاردا).کۆمەلأیەتی(کاڵبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان، قسە بەدواتان،گومانلێکردن،دڵپیسی).یاسایی. |
| ٣ | کارکردن لەکەیسی مەترسیداردا | (١) کاری لەسەر نەدەکرد.(١٣) کاریان لەسەر دەکرد،(٣) هەمیشە،(٨) هەندێکجار، (٢) بەکەمی کاریان لەسەر دەکرد. ناوەندی ژمێرەیی (٣.٥). | کۆی (٥) هەمیشە کاریان لەسەر دەکرد. ناوەندی ژمێرەیی (٥). | (١)یان کاری لەسەر نەدەکرد.(١٣)یان کاریان لەسەر دەکرد، (٤)یان هەمیشە،(٥)یان هەندێکجار،(٤)یان بەکەمی. ناوەندی ژمێرەیی (٣.٥). | کۆی (21)یان کاریان لەسەر دەکرد. (٥)یان هەمیشە،(٦)یان بەکەمی،(٩)یان هەندێکجار،(١)یان زۆر بەکەمی. ناوەندی ژمێرەیی (٥.٢٥). |
| ٤ | ڕیزبەندی هۆکاری کەسی کارکردن لەسەر کەیسی مەترسیدار | (ڕەگەز،توانای جەستەیی،توانای زیرەکی، تەمەن، باری کۆمەلأیەتی،باروذۆخی کۆمەلأیەتی،باروذۆخی دەروونی). | (ڕەگەز،تەمەن،باری کۆمەلأیەتی،توانای زیرەکی،توانای جەستەیی،باروذۆخی دەروونی،باروذۆخی کۆمەلأیەتی). | (باروذۆخی دەروونی،توانای جەستەیی،توانای زیرەکی،باروذۆخی کۆمەلأیەتی،باری کۆمەلأیەتی،ڕەگەز، تەمەن). | (باروذۆخی دەروونی،باروذۆخی کۆمەلأیەتی، ڕەگەز،باری کۆمەلأیەتی،توانای جەستەیی، تەمەن،توانای زیرەکی). |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ڕیزبەندی هۆکاری پیشەیی کارکردن لەسەر کەیسی مەترسیدار | (شارەزایی و ئەزموون،پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکە، پاڵپشتی یاسایی،یارمەتیدانی دامەزراوەی تری پەیوەندیدار، ئاستی زانیاری و نوێکاری پیشەگەر دەربارەی پیشەکە، یارمەتیدانی هاوپیشەکان، تێڕوانین بۆ پیشەکە،ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ،پاڵپشتی دارایی) | (پاڵپشتی یاسایی،شارەزایی و ئەزموون، ئاستی زانیاری و نوێکاری خۆیان دەربارەی پیشەکە،پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکە، ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ، پاڵپشتی دارایی،یارمەتیدانی هاوپیشە، یارمەتیدانی دامەزراوەی تری پەیوەندیدار، تێڕوانین بۆ پیشەکە). | (ئاستی زانیاری و نوێکاری پیشەگەر دەربارەی پیشەکە،شارەزایی و ئەزموون، پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکە،یارمەتیدانی دامەزراوەی تری پەیوەندیدار،ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ،یارمەتیدانی هاوپیشە،تێڕوانین بۆ پیشەکە، پاڵپشتی یاسایی،پاڵپشتی دارایی). | (شارەزایی و ئەزموون،ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ،ئاستی زانیاری و نوێکاری پیشەگەر دەربارەی پیشەکە،پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکە،یارمەتیدانی هاوپیشە،پاڵپشتی دارایی،یارمەتیدانی دامەزراوەی تری پەیوەندیدار،پاڵپشتی یاسایی، تێڕوانین بۆ پیشەکە). |
| ٦ | ڕیزبەندی هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی پیشەیی | (پشتگوێخستن،گواستنەوەی بۆ لایەنی تر،کەمکردنەوەی،پێشپێگرتنی). | (پشتگوێخستنی،کەمکردنەوەی، پێشپێگرتنی، گواستنەوەی بۆ لایەنیتر). | (پشتگوێخستنی،کەمکردنەوەی،پێشپێگرتنی، گواستنەوەی بۆ لایەنی تر). | (پێشپێگرتنی،کەمکردنەوەی،گواستنەوەی بۆ لایەنی تر،پشتگوێخستنی). |
| ٧ | ڕیزبەندی پشتپێبەستن لە مەترسی پیشەییدا | (یاسا،واز هێنان لە کەیسەکە،ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی). | (یاسا،وازهێنان لە کەیسەکە، ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی). | (یاسا،ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی،وازهێنان لە کەیسەکە). | (وازهێنان لە کەیسەکە،ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی،یاسا). |
| ٨ | ڕیزبەندی داواکردنی یارمەتی لە هەبوونی مەترسی پیشەییدا | (هاوکاری و یارمەتی کارمەندانی ناو دامەزراوە، هاوکاری و یارمەتی لە دەرەوەی دامەزراوەکە). | (بەڕێوەبەر)،(هاوکاری و یارمەتی کارمەندانی ناو دامەزراوە،هاوکاری و یارمەتی لە دەرەوەی دامەزراوەکە). | (بەڕێوەبەر،هاوکارەکان لەناو دامەزراوەکە)،(تەنها پشت بەخۆ بەستن)،(هاوکاری و یارمەتی لە دەرەوەی دامەزراوەکە). | (بەڕێوەبەر،هاوکارەکان لەناو دامەزراوەکە)،(تەنها پشت بەخۆ بەستن)،(هاوکاری و یارمەتی لە دەرەوەی دامەزراوەکە). |
| ٩ | ئەوەی دەبێتە مایەی مەترسی پیشەیی | سزادراو خۆی (هەندێکجارجیاوازی ڕەگەزی)، هەندێکجار لایەنی تری کێشەکە، کەسوکاری کەسی سزادراو. | خاوەن کێشە،کەسوکاری خاوەن کێشە. | باروودۆخی جەستەیی،نەخۆشی گوازراوەی نەخۆش (کەیسەکە)،خێزانی نەخۆش،نزمی ئاستی زانستی و پیشەیی پیشەگەر خۆی. | کەیسەکە–نەخۆشەکە،خودی ئیشەکە خۆی، کەسوکاری کەیسەکە. |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ئەو کەیسەی کە دەبێتە مایەی مەترسی پیشەیی | ئەوەی کە (کێشەی زۆری یاسایی هەیە،ئەخۆشییەکی گواستراوەی هەیە)،کوشتن،دوژمنداری، فراندن،مادەی هۆشبەر، کێشەی پەیوەست بەشەرەف،کێشەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری و خێزان،پەیوەندیدار بە کاری باند و مافیا یاخود تیرۆرەوە ،ناتەواوی ئەقڵی یان ناجێگیری باری دەروونی. | کەیسی وەرگرتنەوەی دایەنی– وەرگرتنەوەی منداڵ لە یەکێك لە لایەنەکانی داواکە بۆ لایەنی دووەم لەکاتی چوون بۆ ماڵی هەردوولای داواکە، کوشتن، جیابوونەوە،حوکمی جینایەت (١٥–٢٠ ساڵ). | ئەوەی کە (نەخۆشیەکەی قورسە،باری دەروونی خێزانی ناجێگیرە،کێشەی کۆمەلایەتی خێزانی هەیە، کەسوکاری پاڵپشتی ناکەن،خۆی ئامادە نییەچارەسەر وەربگرێت،هەوڵی زیان بە خۆی یان کەسانی چواردەوری بگەیەنێت). | هەمووی، بەتایبەت ئەوەی لەپلەی بەرزی توندوتیژیدایە، رەگەزی بەرامبەر،خۆی بە نەخۆش نەزانێ،چارەسەر بەکار نەهێنێ، ئینکاری لە بوونی نەخۆشیەکەی بکات، باوەڕی بە چارەسەری دەروونی نییە،بەزۆر دەنێردرێت بۆ چارەسەر،مەترسی بۆ خودی خۆی یان کەسانی دیکە هەیە،رزگاربووی رووداوەی زەبراوی،هەوڵی خۆکوژی و خەمۆکی توند،کەسوکاری نییە،کێشەی کۆمەلایەتی هەیە،پەیوەندی بە پۆلیس و ئاسایشەوە هەیە،کەسوکار بارودۆخی دەروونی ناجێگیرە یان وەك پێویست هاوکار نییە. |
| ١١ | کاریگەری مەترسی پیشەیی لە بڕیارداني پیشەییدا | (١٢)یان بە نەرێنی (کار بەناڕاستەی ڕێرەوێکی ناتەندروستدا دەبات،کار و ڕێکارە یاساییەکان ڕێرەوی خۆیان وەرناگرن،کارنەکردن پیشەییانە، لایەنگیریکردن،سەرلێشێواوی ئاستەم بوون لەکارکردندا،کەموکورت بوون لە کارکردندا،دوڵی بەردەوام،بڕیاردان گونجاو و درووست نابێت).(١)یان (شێوازی کارکردنی جیاواز و تایبەتی دەوێت).(١) کاریگەری نییە(سنوری کارکردن دیاریکراوە بە ڕێنمایی و یاسا). | (٢)یان بە نەرێنی (خۆ بەدوورگرتن لە نووسینی ڕاپۆرتێك کە شێوازی بڕیاردانی پێوە بێت). (٣)یان کاریگەری نییە (بڕیاری پیشەیی بە ناڕاستەوخۆیی دەدەن دەربارەی کەیس ئەوەش لەچوارچێوەی ڕاپۆرتی نووسراودا کە ئاڕاستەی دادوەری دەکەن پاشان دادوەر کاری کۆتایی لەسەر دەکات واتە بڕیاری کۆتایی لای دادوەرە). | (١٣)یان بە نەرێنی (بڕیارەکان چیتر لەسەر بناغەی زانستی نامێنێت،پیشەگەر دەکەوتە ژێر کاریگەری کەیس و نەتوانینی بڕیارداني درووست، زۆرجار کەسانی تر لە جێگەی پیشەگەر بڕیار دەدەن وپیشەگەر کۆنترۆڵی خۆی لەدەستی خۆیدا نامێنێت).(١)یان بە ئەرێنی (دەبێتە هۆی باشتر بڕیاردان). | کۆی (٢١)یان بە نەرێنی بەهۆی کەسوکاری نەخۆشەوە (نەگەیشتن بە دەرئەنجامی کۆتایی یان بە چارەسەر نەکراوی بەردەوام دەبێت یاخود چارەسەرێکی نەگونجاوی بۆ دەبێت،خۆ بەدوورگرتن لە نەخۆش، ئاڕاستەی کارکردن دەگۆڕێت، بڕیاردان بە کارنەکردن لەسەر ئەو کەیسە، ئارەزووی گۆڕینی پیشە).لەکەمترین باردا بە ئەرێنی. |
| ١٢ | وازهێنان لە کەیس بەهۆی مەترسی پیشەییەوە | (٨)یان مەترسی لایان هۆکاربووە بەڵام (٦)یان مەترسی لایان هۆکارنەبووە تا کار لەسەر کەیس نەکەن. ناوەندی ژمێرەیی (٧). | (٢)یان مەترسی لایان هۆکار بووە بەڵام (٣)یان مەترسی هۆکارنەبووە تا کار لەسەر کەیس نەکەن.ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥). | (4)یان مەترسی لایان هۆکار بووە بەڵام (10)یان مەترسی لایان هۆکار نەبووە تا کار لەسەر کەیس نەکەن. ناوەندی ژمێرەیی (٧). | (١٠)یان مەترسی هۆکار بووە بەڵام (١١)یان مەترسی هۆکار نەبووە تا کار لەسەر کەیس نەکەن. ناوەندی ژمێرەیی (١٠.٥). |

**٣: ٥: ٢: ئامانجی دووەم:** دیاریکردنی مەترسی پیشەیی بەپێی ڕەگەز: هەریەك لە ڕەگەزی نێر و مێ ڕووبەڕووی مەترسی پیشەیی دەبوونەوە بە پلەی جیاواز (خشتەی ٣)، ڕەگەزی نێر و مێ جیاواز نە بوون لە یەکتری و نرخی تای دەرهێنراوی وەڵامەکانیان بریتییە لە (0.85) وبچوکترە لە نرخە خشتەییەکەی کە بریتییە لە (١.٩٦)[1].

خشتەی ٣ (ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی پیشەیی بەپێی ڕەگەز)

| ژ | ڕەگەز / وەڵامەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ بەڵام زۆر بەکەمی | 2 | 8.33 | 7 | 23.33 | 9 | 16.67 |
| ٢ | بەڵێ بەڵام بەکەمی | 8 | 33.33 | ١٢ | 40 | ٢٠ | 37.03 |
| ٣ | بەڵێ زۆر | 11 | 45.83 | ٩ | 30 | ٢٠ | 37.03 |
| ٤ | بەڵێ زۆرزۆر | 3 | 12.5 | ٢ | 6.67 | ٥ | 9.26 |
| کۆ | | ٢٤ | 100 | ٣٠ | 100 | ٥٤ | ١٠٠ |

ڕەگەزی نێر و مێ جیاواز نە بوون لە کارکردنیان لەسەر ئەو کەیسانەی کە مایەی مەترسی پیشەیین، نرخی تای دەرهێنراو بریتییە لە (0.91) بچوکترەلە نرخە خشتەییەکە کە بریتیە لە (١.٩٦). (خشتەی ٤).

خشتەی ٤ (کارکردن لەسەر کەیسی مەترسی پیشەیی بەپێی ڕەگەز)

| ژ | ڕەگەز / وەڵامەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ هەمیشە | ٨ | 33.33 | ٩ | 30 | ١٧ | 31.48 |
| ٢ | بەڵێ هەندێکجار | ١١ | 45.83 | ١١ | 36.67 | ٢٢ | 40.74 |
| ٣ | بەڵێ بەڵام بەکەمی | ٣ | 12.5 | ٩ | 30 | ١٢ | 22.22 |
| ٤ | بەڵێ بەڵام زۆر بەکەمی | – | - | ١ | 3.33 | ١ | 1.85 |
| ٥ | نەخێر هەرگیز | ٢ | 8.33 | – | - | ٢ | 3.70 |
| کۆ | | ٢٤ | 100 | ٣٠ | 100 | ٥٤ | ١٠٠ |

هۆکار کەسییەکانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دەربارەی ئاستی کارکردن لەسەر ئەو جۆرە کەیسانە بە ڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم بەمشێوەیە بوو:

1 Healy, Joseph F. (2009): Statistics-A Tool For Social Research, Eighth Edition, Cengage Learning, U.S.A, p457.

ڕەگەزی نێر (ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، بارودۆخی دەروونی، توانای زیرەکی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، تەمەن، توانای جەستەیی). ڕەگەزی مێ (بارودۆخی دەروونی، توانای زیرەکی، توانای جەستەیی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی). کۆی هەردوو ڕەگەز (بارودۆخی دەروونی، توانای زیرەکی،ڕەگەز، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، توانای جەستەیی، باری کۆمەڵایەتی، تەمەن).

هۆکارە پیشەییەکان دەربارەی ئاستی کارکردنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو جۆرە کەیسانە بە ڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆکەم بەمشێوەیە بوو:

ڕەگەزی نێر (شارەزایی و ئەزموون، ئاستی زانیاری و نوێکاری خۆیان دەربارەی پیشەکە، پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکەیان، پاڵپشتی یاسایی، ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ، پارمەتیدانی هاوپیشە، پارمەتیدانی دامەزراوەی تر، تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پیشەکە، پاڵپشتی دارایی). ڕەگەزی مێ (شارەزایی و ئەزموون، ئاستی زانیاری و نوێکاری خۆیان دەربارەی پیشەکە، ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ، پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکەیان، پارمەتیدانی دامەزراوەی تر، پارمەتیدانی هاوپیشە، تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پیشەکە،پاڵپشتی دارایی، پاڵپشتی یاسایی). کۆی هەردوو ڕەگەز (شارەزایی و ئەزموون، ئاستی زانیاری و نوێکاری خۆیان دەربارەی پیشەکە، پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکەیان، ئامادەکردنی زانستی و ئەکادیمی زانکۆ، پارمەتیدانی هاوپیشە، پارمەتیدانی دامەزراوەی تر، پاڵپشتی یاسایی، تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پیشەکە، پاڵپشتی دارایی).

هەڵوێستی ئەندامانی نموونەکە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی پیشەییدا بە ڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم بەمشێوەیە بوو:

ڕەگەزی نێر: (کەمکردنەوە، پێشپێگرتن ، پشتگوێخستن، گواستنەوەی بۆ لایەکی تر). ڕەگەزی مێ: (پێشپێگرتن، کەمکردنەوە، گواستنەوەی بۆ لایەکی تر،پشتگوێخستن). کۆی هەردوو ڕەگەز: (کەمکردنەوە، پێشپێگرتن ، گواستنەوەی بۆ لایەکی تر، پشتگوێخستن).

ئەو بژاردەیەی کە ئەندامانی نموونەکە پشتیان پێدەبەست بە ڕیزبەندی لە زۆرەوە بۆ کەم بەمشێوەیە بوو:

ڕەگەزی نێر: (وازهێنان لە کەیسەکە، یاسا، ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی). ڕەگەزی مێ: (ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی، یاسا ، وازهێنان لە کەیسەکە). کۆی هەردوو ڕەگەز: (یاسا، ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی، وازهێنان لە کەیسەکە).

لە بوونی مەترسی پیشەییدا ڕەگەزی نێر بە پلەی یەکەم "تەنها پشتیان بە خۆیان دەبەست" وە بەپلەی دووەم پشتیاندەبەست یاخود داوای پارمەتیان دەکرد لە(هاوکاری ناو دامەزراوەکە، هاوپیشە لە دەرەوەی دامەزراوەکە، بەڕێوەبەر، کەسانی پەیوەندیدار بە کێشەکەوە، دامەزراوەی حکومی پەیوەندیدار، کەس وکاریان، خێزانەکانیان، ڕێکخراوی ناحکومی پەیوەندیدار، خاوەن کێشەکە). ڕەگەزی مێ بەپلەی یەکەم (هاوکاری ناو دامەزراوەکە، بەڕێوەبەر) وە بە پلەی دووەم "تەنها پشتیان بە خۆیان دەبەست" وە بە پلەی سێیەم (هاوپیشە لە

دەرەوەی دامەزراوەکە، کەسانی پەیوەندیدار بە کێشەکەوە، خاوەن کێشەکە، دامەزراوەی حکومی پەیوەندیدار، خێزانەکانیان، ڕێکخراوی ناحکومی پەیوەندیدار، کەس و کاریان). کۆی هەردوو ڕەگەز بە پلەی یەکەم (هاوکاری ناو دامەزراوەکە، بەڕێوەبەر) بە پلەی دووەم "تەنها پشتیان بە خۆیان دەبەست" وە بەپلەی سێیەم (هاوپیشە لە دەرەوەی دامەزراوەکە، کەسانی پەیوەندیدار بە کێشەکەوە، دامەزراوی حکومی پەیوەندیدار، خێزانەکانیان، خاوەن کێشەکە، ڕێکخراوی ناحکومی پەیوەندیدار، کەس و کاریان).

ڕەگەزی نێر و مێ جیاواز بوون لە ڕووی کارکردن یان کارنەکردن لەسەر کێشەیەك یان کەیسێکی دیاریکراو بەهۆی مەترسی پیشەییەوە و نرخی تای بەدەستهاتوو بریتی بوو لە (٣) گەورەترە لە نرخە خشتەییەکەی کە بریتییە لە (١.٩٦). ئەو ڕێژەیەش زیاتر بوو لەلای ڕەگەزی نێر بەبەراورد بەڕەگەزی مێ، ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراوی وەڵامەکانی ڕەگەزی نێر (1) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراوی وەڵامەکانی ڕەگەزی مێ کە بریتییە لە (0)، ئەوەش مانای ئەوەیە کە مەترسی پیشەیی لای ڕەگەزی نێر بەڕێژەیەکی زیاتر هۆکاربووە کە کار لەسەر ئەو جۆرە کەیسانە نەکەن.(خشتەی ٥).

خشتەی ٥ (وازهێنان لە کارکردن لەسەر کەیس بەهۆی مەترسی پیشەیی بە پێی ڕەگەز)

| ژ | ڕەگەز / وەڵامەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٣ | 54.17 | ١٥ | 50 | ٢٨ | 51.85 |
| ٢ | نەخێر | ١١ | 45.83 | ١٥ | 50 | ٢٦ | 48.15 |
| کۆ | | ٢٤ | 100 | ٣٠ | 100 | ٥٤ | ١٠٠ |

٣: ٥: ٣: **ئامانجی سێیەم:** دیاریکردنی مەترسی پیشەیی بەپێی تەمەن: نموونەی توێژینەوەکەجیاواز بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی پیشەییدا بەپێی تەمەن، نرخی ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراوی وەڵامی ئەو پیشەگەرانەی کە تەمەنیان (٣٢-٤١) ساڵ بوو بریتییە لە (3.27) گەورەترین ڕێژەیە بە بەراورد بە هەریەك لەو پیشەگەرانەی کە تەمەنیان (٢٢-٣١) ساڵ بوو کە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو بریتییە لە (3.20) وە ئەو پیشەگەرانەی کە تەمەنیان (٤٢-٥١) ساڵ بوو، ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو بچووکترین ڕێژەیە بریتییە لە (1.75). (خشتەی ٦).

خشتەی ٦ (ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی پیشەیی بەپێی تەمەن)

| ژ | تەمەن / وەڵامەکان | ٢٢-٣١ | % | ٣٢-٤١ | % | ٤٢-٥١ | % | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ بەڵام زۆر بەکەمی | 5 | 16.13 | 4 | 25 | – | – | 9 | 16.67 |
| ٢ | بەڵێ بەڵام بەکەمی | 11 | 35.48 | 4 | 25 | 5 | 71.49 | 20 | 37.04 |
